# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٧٠ | شەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٣ _ ٤ی مەی ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## مستەفا هیجری:
## کۆمەڵگەی کرێکاری لە ئێران لە کەرامەتی مرۆیی بێبەش کراوە

لە ئێرانی قەیراناویی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، کاتێک ساڵانە یادی ڕۆژی جیهانیی کرێکار دەکرێتەوە، دەبینین هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و دۆخی بژیوی ئەم چینەی کۆمەڵگە تا دێ خراپتر دەبێت.

لە ئەنجامی سیاسەتی چەوتی ئەم ڕێژیمە، دۆخی ژیانی خەڵک بەگشتی و بەتایبەتی چارەنووسی میلیۆنان کرێکار و بنەماڵە تێکەڵ بە بێ مافی، بێکاری، هەڵاوسان و کۆمەڵێک کێشە و گرفتی بنەڕەتیی دیکە بووەتەوە، بە جۆرێک کە لە کەرامەتی مرۆیی و ژیانێکی سەردەمیانە بێبەشن.

وێڕای پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە لە کرێکارانی کوردستان و ئێران، هیواداریین سەرجەم چین و توێژەکان بە یەکگرتوویی خەبات دژی ڕێژیمی چەوسێنەری کۆماری ئیسلامی چڕتر بکەنەوە و بە ئاوات و مافە زەوتکراوەکانیان بگەن.

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١١ی بانەمەڕی ١٤٠٣**

## ئێران لە تازەترین ڕاپۆرتە ڕەسمییەکاندا:
# زۆرترین ئێعدام و ئاوسانی ئابووری، کەمترین ئازادی و مافی مرۆیی






## سزای لەسێدارەدان بۆ توماج درێژەی سیاسەتی ڕێژیم بۆ سەرکوت و لەنێوبردنی دژبەرانیەتی

سزای لەسێدارەدران بۆ توماج ساڵحی، گۆرانیبێژ و ڕەپێر بە هۆی هەڵوێستەکان و نارەزایەتییەکانی دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە تۆمەتی «افساد فی‌الارض»، درێژەی سیاسەتی ڕێژیم بۆ سەرکوت و لەنێوبردنی دژبەرانیەتی.

توماج ساڵحی کە گۆرانییەکانی زیاتر ڕەهەندی سیاسییان هەیە و نێوەڕۆکەکەیان نارەزایەتی دژی ڕێژیمە، بە دروستی بەرەی خەبات دژی ستەمکاریی هەڵبژارد.

وێڕای مەحکوومکردنی ئەم سزا نامرۆڤانەیە، خوازیاری پشتیوانیی ناوەندە مافی مرۆییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانی ئەم بەندکراوە سیاسییەین.

**مستەفا هیجری**
**٧ی بانەمەڕی ١٤٠٣**

## خالید عەزیزی:
## لەنێو کورددا بەداخەوە نەرمی‌نواندن و تەحەممول لە بەرانبەر یەکتردا کەمە

– بەکارهێنانی هەردووک ناوی ژینا و مەهسا لە جێی خۆیدایە و هیچیان لە هیچیان کەم ناکات. بەڵام بۆ ئێمەی کورد دەبێ ژینا لە پێشتر بێ، هەروەها ئێمە دەبێ ئاڵقەی پێوەندی خۆمان لەگەڵ خەڵکی غیرە کوردیش کە ڕەنگە ئەوان زۆرتر مەهسا بەکار بێنن لەسەر شتی ئاوا تێک نەدەین.

– ئێمە ئەرکدارین هەوڵ بدەین و بڵێین دین لە دەوڵەت جیاوازە نەک کەسێک بیرو باوەڕی مەزهەبی هەیە و حیزبێکی دینی دروست دەکا حەقی نییە سیاسەت بکا.

– ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخۆشییەوە هێندێک قۆناغی تێپەڕاندوە و دەبێ ئەمجارە بچێتە قۆناغی خۆ ڕێکخستنێکی تایبەت بەو دۆخە ئاراییە.

– ئێمە بە دوای چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌داین جا چوونکە لە ئاستی ئێران و کوردستاندا وەک حیزبێکی بەئەزموون و بەڕابردووین چاوەڕوانییەکان لە ئێمە زۆرترە، بەخۆشییەوە سەرنجەکان لە سەر ئێمە زۆرە، دوای «جۆرج تاون» کە ئێمە لەگەڵی نەکەوتین و زۆرێک لە شتەکانیمان پێ خەراپ بوو حیزبێکی ئاوا گەورە و بە ئەزموون کە داخوازییەکانی لە چوارچێوەی مەنشوورەکەدا نەدیتەوە، گەڵاڵەیەکمان داهێنا و دەگەڵ زۆر لایەن باسمان کرد و پۆلێنمان کرد بۆ ئەوەیکە لە چوارچێوەی ئێراندا شتێکی گشتگیر لەگەڵیان دروست بکەین.

لاپەڕەی ٣

## هەڵمەتی وەدەرنانی حوسێن مووسەویان لە زانکۆی پرینستۆنی ئامریکا

ڕۆژی پێنجشەممە، ٦ی بانەمەڕبە بەشداریی کۆمەڵێک ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسی لە شاری واشنگتۆن دی سی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ کۆمەڵێک لە قوربانییانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە بەڕێوە چوو. ئەم کۆبوونەوەیە بە مەبەستی چڕکردنەوەی کەمپەینی دەرکردنی حوسێن مووسەویان، تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە زانکۆی پرینستۆنی ئامریکا ڕێک خرابوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا خاتوو کەژاڵ حاجی عەبباسی، هاوژینی پێشووی شەهید فەتاح عەبدولی، یەکێک لە شەهیدەکانی تێرۆری مێکۆنووس چیرۆکی شەوی تێرۆری میکونووسی لە گۆشەنیگای خۆیەوە باس کرد. پاشان خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی تیشکی خستە سەر مێتۆدەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشبردنی سیاستەکانی خۆی و هاوکات ئاماژەی بە تێرۆر و سیخوڕی و شێوە و مێتۆدی کاری نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی کرد و گوتی ڕێژیم لە هەموو ئامرازێک بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی کەڵک وەر دەگرێ. لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسەکەدا پەرویز دەستماڵچی، یەکێک لە گیان‌بەدەربردووەکانی تێرۆری مێکونووس باسی لەوە کرد کە چۆن میدیاکانی ئاڵمان باسیان لە بەشداریی حوسێن مووسەویان لەو تیرۆرانەی لە ئوورووپادا کراون کردوە و هەروەها لە زمانی شاهیدی (C) واتە ئەبولقاسمی مێسباحییەوە باسی لە بەشداریی ڕاستەوخۆی مووسەویان لەو تیرۆرەدا کرد.

هەروەها ڕۆژی هەینی، ٧ی بانەمەڕیش خۆپیشاندانێک بە مەبەستی دەرکردنی مووسەویان لە زانکۆی پرینستنی نیوجێرسیێ ئەمریکا بەڕێوەچوو.

## کوژران و برینداربوونی ٣٧ کۆڵبەر لە ماوەی مانگی ئاوریلی ٢٠٢٤دا

لە ماوەی مانگی ئاوریلی ٢٠٢٤دا، لانی کەم ٣٧ کۆڵبەر لە سنوورەکانی کوردستان کوژراون یان بریندار کراون بەپێی ئەم ڕاپۆرتەی هەنگاو لە مانگەدا، ٤ کۆڵبەر کوژراون و ٣٣ کۆڵبەریش بریندار کراون. لەو ماوەیەدا لانی کەم سێ منداڵی کۆڵبەر بەناوەکانی پارسا حوسێنی و سەهەند هەردووکیان تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی پاوە و ماهان مورادی تەمەن ١٧ ساڵ و خەڵکی جوانڕۆ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار کراون.

مێهرداد عەبدوڵڵازادە خەڵکی سەردەشت، ئومێد سەیدی خەڵکی سنە، سەیوان دەست ئەفکەن خەڵکی مەریوان و شوانە ئەحمەدپوور خەڵکی بانە ئەو چوار کۆڵبەرە بوون کە لە مانگی ئاوریلدا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران سەر، دڵ و سینگیان پێکرا و گیانیان لەدەست دا. هەر لە درێژەی کوشتنی بەئەنقەستی کۆڵبەرانی کورددا ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ی بانەمەڕ کۆڵبەرێک بە ناوی جەلال سوهرابی، تەمەن ٤٣ ساڵ، باوکی دوو کچ و خەڵکی گوندی «تاژان»ی سەر بە شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران لە بەرزایی سنوورەکانی شاخی «سوورکێو»ی ئەو شارەدا کوژرا. هەر هەمان ڕۆژ کۆڵبەرێکی خەڵکی سەقزیش بە ناوی هێمن ئەحمەدی کە باوکی منداڵێکی ٨ ساڵانە، لە کاتی کۆڵبەری لە سنووری بستام لە مەودای نزیکەوە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە تەقەی لێ کرا و کوژرا.

لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاویشدا لانی‌کەم ٤١٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون.


**قەیران‌خوڵقێنیی بەردەوام بۆ تێپەڕین لە قەیران** — عومەر باڵەکی — ٥

**قووتدانی جیهان بە شێوازی چینی!** — حەسەن قارەمانی — ٧

**دووانەی خەڵک و دەسەڵات، هەنگاوێک هەتا داڕمان** — ڕەزا دانشجوو — ٨

**گەڵاڵەی زەبر و زۆر** — ئاسۆ مینبەری — ٩

**شێعراندنی ژینا و ڕازاندنەوەی ژین** — د. هاشم ئەحمەدزادە — ١١

